سودانی و بەرهەم ساڵح پرسی هەڵبژاردنی پارێزگاکان تاوتوێی دەکەن

ئەمڕۆ چوارشەممە، محەمەد شیاع سودانی، سەرۆک وەزیران لەگەڵ بەرهەم ساڵح، سەرۆک کۆماری پێشوو، ئامادەکاریەکانی بۆ بەڕێوەچوونی هەڵبژاردنەکانی تاوتوێ کرد. نووسینگەی ڕاگەیاندنی سەرۆک وەزیران لە ڕاگەیەندراوەکدا بڵاویکردەوە، "محەمەد شیاع سودانی، سەرۆکوەزیران پێشوازی لە بەرهەم ئەحمەد ساڵح، سەرۆک کۆماری پێشوو کرد". ووتیشیکردەوە، "لە میانی کۆبوونەوەکەدا باسیان لە بارودۆخی گشتی وڵات کرد لە بوارە جیاجیاکاندا، هەروەها گرنگی پتەوکردنی سەقامگیری سیاسی و ئەمنی، هەروەها ئامادەکاری بۆ ئەنجامدانی ئەو هەڵبژاردنە کرا کە بڕیارە لە 18ی کانونی یەکەمی داهاتوو ئەنجام بدرێت". هەروەها ئەویش هاتووە، "لە کۆبوونەوەکەدا باس لەو هەنگاوانە کرا کە حکوومەت لە جێبەجێکردنی ئەولەویەتەکانی بەرنامەکەی، هەروەها پلان و پێژە گشتگیرەکانی وەبەرهێنان و خزمەتگوزاری کە لەخۆی دەگرێت، کە لەگەڵ خواستەکانی گەلی عێراقدا دەگونجێت، لەگەڵ پێوەندی و پێکهاتە جۆراوجۆرەکانیان".